کۆکردنەوەی زانیاریی تەواو هەبوو سەبارەت بە شوێنی لەشکرگە و هێزەکانی عێراق لە نێوچەکە، لەبەر ئەوە، لەکاتی چوون و شناسایکردنی نێوچەکە لەلایەن ئەفسەر و فەرماندەکانی سوپای پاسدارانەوە، فەرماندە و کەرتەکانی پێشمەرگە دەبوونە پاسەوان و چاوساخیان.

ڕۆژەکانی ٧ و ٨ی مانگی ڕەشەممەی ساڵی ١٩٨٨، بە سەتان پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە ئۆتۆمۆبیلی سەربازی، لەنێوچەی سوێسنایەتی و شاری سەردەشتەوە بران بۆ لەشکرگە (پادگان)ی شاری سنە، پاش حەوانەوە و، نان خواردن، دەوروبەری سەعات یەکی شەو بە ئۆتۆمۆبیل بەرەو هەورامان گوێزرانەوە.

شاری هەڵەبجە، بەتایبەتی لەشکرگە و پێگە سەربازییەکانی ڕژێمی عێراق لە ١٣ی ڕەشەمەوە، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ، لە چیاکانەوە بۆمبابارانی خەستی هێزەکانی ئێرانی لەسەر بوو. ئەوجا هەموو پێگە سەربازییەکانی عێراق، کە لەسەر گرد و تەپۆلکەکاندا دامەزرابوون، لەلایەن پێشمەرگەوە هێرش کرایەسەریان و، یەک لەدواییەک دەستیان بەسەردا گیرا. سەربازی نێو پێگەکان، هەندێکیان جلوبەرگی سەربازییان دادەکەند و هەڵدەهاتن بۆ نێو مزگەوتەکان. هێندێکی دیش بەرەو شارۆچکەی هەڵەبجە دەکشانەوە و، لەنێو بنکە سەربازییەکاندا خۆیان دادەمەزراندەوە. ژمارەیەکی زۆر لە سەربازەکان، ڕێگەی پاشەکشە و



هەلاتنیان هەڵبژارد، پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دێمۆکراتی کوردستان، و حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، هێزی سەرەکیی بوون لە هێرشەکەدا و، شانبەشانی یەک، کشانە خوارەوە بۆ نێو شاری هەڵەبجە. پێشمەرگەکانی پارتی دێمۆکراتی کوردستان هەروەها لە قۆڵی مەریوان و "ئەحمەد ئاوا" شەوە پێشڕەوییان کرد.

لەڕۆژانی ١٣ و ١٤ی مانگدا، سەرەتا ژمارەیەکی کەم لەپاسدارانی ئێرانی، بۆ چوونە نێو شار لەگەڵ پێشمەرگە بەشدارییان کرد، بەلام لەڕۆژی ١٥ی ڕەشەممەوە کە شار بەتەواوەتیی کەوتە دەستی پێشمەرگە، ئەوجا پاسدارەکانیش ڕژانە نێو شار. پاسدارەکان، سلاویان لە خەڵک دەکرد و پەیتاپەیتا، درۆشمی "الله اکبر - خومەینی ڕەهبەر" یاندەگوتەوە. دەچوونە نێو مالانەوە و داوایان دەکرد لێیان، خواردنیان بۆ ئامادە بکەن. هەندێکیان بە موتورسیکل بەدەوری هەڵەبجەدا دەسووڕانەوە. زۆربەیان گەنج و هەرزەکار بوون و چەکی دەستیان، تەنێ دار و چەقۆ بوو، بە نێو جادە و شەقامی شاردا دەگەڕان و، لە دانیشتووانی هەڵەبجەیان دەپرسیی: «چەندە ڕێگەیان ماوە بگەنە شارەکانی نەجەف و